شانۆی منداڵان

# داوولی بێستانەکە

ئامادەکردنی – عومەری عەلی ئەمین

**کەسانی شانۆییەکە :**

١ – مام رەشی – خاوەن بێستان
٢ – هۆمەر – داوولٚ
٣ – کەروێشك
٤ – رێوی
٥ – پیاوی یەکەم
٦ – پیاوی دووەم
٧ – ژن

«١»

«کات – بەیانییە ، خۆر هەڵهاتووە . .
دەنگی خوێندنی مەلی کێوی . . . .
بێستانێکی شووتیو کاڵەکە . . . کەپرێکی لیێیە . . .
داوولێك لە بێستانەکەدا چەقیوە . . . هێندێك توێکڵە شووتی لە قەراغ بێستانەکە کەوتووە . . لەلایەکەوە گالیسکەیەکی دەستیی هێندێك کاڵەكو شووتی تێدایە . . .
بەدەم مۆسیقایەکەوە مامرەش خاوەن بێستان خەریکی کاڵەكو شووتی لیێکردنەوەیە دەیکاتە گالیسکەکەوە . . . کە گالیسکەکە پڕ دەکات لە کاڵەكو شووتی ، دەست دەکات بە قسەکردن لەگەڵ داوولەکەدا .)

مام رەشی – هۆمەر ! .

داوولٚ – بەڵێ مامڕەش .

مامڕەش – ئیتر وا من ئەڕۆم باش ئاگادری بێستانەکە بکە .

داوولٚ – بۆ کوێ ئەچی مامڕەشی؟ .

مامڕەش – ئەچم بۆ شار ئەیفرۆشم .

داوولٚ – کەی دێیتەوە ؟ .

مامڕەش – سبەینێ بەیانی دێمەوە .

داوولٚ – بێستانەکە کاڵەكو شووتی زۆر پێوە ماوە ؟ .

مامڕەش – نەء . هەروا دەپانزەیەکی پێوە ماوە .

داوولٚ – باشە مامڕەش خۆ من هەر وریام .

مامڕەشی – جا بەیانی کە هاتمەوە ئەوەش پێوەی ماوە لێی دەکەمەوە .

داوولْ – ئەی لەدووایدا مامڕەشی ؟ .

مامڕەش – لە دووایدا بێستانەکە بەرەلاّ ئەکەم .

داوولْ – ئەی کەپرەکە مام ڕەشی ؟ .

مامڕەش – ئیشم بە کەپرەکە نامێنیْ .

داوولْ – ئەی من ؟ من ئیتر چی بکەم ؟

مامڕەش – هۆمەر ! . . تۆ پاسەوانێکی دلْسۆزو ئازابوویت : بەچاکی پاسی بێستانەکەت

کردووە ، لەبەر ئەوە نازدارێکی دەمکوڵت لیْمارە ئەکەم .

(داوولْ لەخۆشیدا قاقا پێدەکەنێت)

داوولْ – دەستگیرانەکەم کیْیە مامڕەشی ؟

مامڕەشی – دەستگیرانەکەت وەکو خۆت یەکلاقە .

داوولْ – تەمەنی چەندە ؟ .

مامڕەشی – تەمەنی دە مانگە .

داوولْ – ناوی چیە ؟ .

مامڕەشی – لە هانەی کچی باخانە .

داوولْ – زۆر سوپاست ئەکەم مامڕەشی .

مامڕەشی – بەرخێکیشم هەیە پێشکەش بە شاییەکەت بێت .

داوولْ – سوپاس مامڕەشی

مامڕەشی – ئیتر چیت ئەویْ هۆمەر ؟ قایلیت ؟

داوولْ – بەلْیْ بەلْیْ قایلم .

«مامڕەشی بەدەم مۆسیقایەکەوە پالْ بە گالیسکە پڕکالّەکو شووتییەکەوە دەنێتو دەڕوات . . .

دووای کەمێك کەروێشکێك بەترسەوە دێت لە توێکلّە شووتییەکان نزیك دەبێتەوە . لەم کاتەدا کە چاوی بە داوولْەکە دەکەوێت ئەوەندەی‌تر ئەترسێتو بەڕاکردن بێستانەکە بەجیْدێلْێت . . . بەلاّم بۆ جاری دووەم کە دێتەوە . ئەم جارە داوولْەکە چاوی پێی دەکەوێت .

مۆسیقا نامێنێت . . . .»

داوولْ / بەنەڕەیەکەوە – ڕاوەستە ! ! .

«کەروێشك لەجێگەی خۆی وشك دەبیْ»

داوولْ / بەنەڕەوە – ئەوە تۆ بۆچی ئەگەڕێیت ؟ .

کەروێشك – . . . بۆ . . . بۆ . . . بۆ . . . توێکلّە شووتییەکی بچکۆلانە .

داوولْ – توێکلّە شووتیت بۆ چیە ؟ .

کەروێشك – بۆ دایکم .

داوولْ – دایکت بۆچیەتی ؟ .

کەروێشك – نەخۆشە زۆری تینووە .

داوولْ – دایکت لەکویْ نەخۆشە کەروێشك ؟ .

کەروێشك – ئەوەتا لەو باخی بستەیەدا لەتەنشتمانەوە . لەویْ کەوتووە . داوولْ ! . . ڕێگەم پیْئەدەیت توێکلّە شووتییەك بەرم ؟ .

داوولْ – نەء . نایەلْم .

کەروێشك – تکات لیْدەکەم داوولْ ! .

داوولْ – نایەلْم .

کەروێشك – ئاخر دایکم لێوەکانی لە تینووا وشك بووە ! .

داوولْ – کەروێشك ! نابێت نا .

«مۆسیقایەکی غەمگین»

کەروێشك – ئاخر داووڵ توێکڵە شووتییەکی بێ‌فەڕ کەڵکی بۆ تۆ چیە ؟
داووڵ – کەڵکی زۆرە .
کەروێشك – کەڵکی چیە ؟ .

داووڵ – مامڕەشی بەرخی شاییەکەمی بەم توێکڵە شووتییانە قەڵەو کردووە .
کەروێشك – داووڵ تکات لێ‌دەکەم دایکم نەخۆشە .
داووڵ / کەمێك خۆی بۆ پێشەوە لار دەکاتەوەو دەنەڕێنێ
– لاچۆۆۆ . . . . . . لاچۆ لەبەرچاوم با نەتخۆم .

«کەروێشکەکە لە ترسانا ڕادەکات‌و
دەچێتەوە باخەکەی تەنشتەوە .
مۆسیقایەکی غەمگین . . .
ڕێوییەك دێت ، لەتە ئاوێنەیەکی
بەدەستەوەیە»
داووڵ – ها . . . مام ڕێوی ! ئەوە چیە بەدەستەوە ؟ .
ڕێوی – ئاوێنەیە .
داووڵ – بۆچیتە ؟ .

ڕێوی – لەولایەوە لێوم لەبەر ئارایشت ئەکرد .
داووڵ – ئەی بۆچی هاتووی بۆ ئێرە ؟ نیازت چیە ؟
کەروێشك – بۆیە هاتم دارهەرمێ لەگەڵ گەنەشامییەکان هەموویان دەستیان‌کرد بەگریان .

داووڵ – گریان ؟ .
کەروێشك – بەڵێ داووڵ . زۆر گریان .
داووڵ – بۆچی ؟
ڕێوی – چونکە تۆ توێکڵە شووتیت نەداوە بە کەروێشك .
«کەروێشکەکە دێتەوە ، لە نەدیوییەکەوە

خۆیان لێ‌ڕادەگرێت»
داووڵ – ئەنجا تۆ هەقت چیە مام ڕێوی ؟
ڕێوی – داووڵ ! پێویستە توێکڵە شووتی بدەیت بە کەروێشك .
داووڵ – نەخێر نایدەمێ .
ڕێوی – نایدەیتێ ؟
داووڵ – نەخێر .

«ڕێوی بەهەڕەشەوە کەمێك دەچێتە پێشەوە»
ڕێوی – داووڵ ! ئەگەر توێکڵە شووتی نەدەیت بەکەروێشك ، ئەو تاکە لاقەشت دەبڕمەوە .
داووڵ – هەی فێڵباز ! چیرۆکی مریشکە ڕەشەم لەبیرە .
ڕێوی – مریشکە ڕەشە کامەیە ؟
داووڵ – ئەوەی کە بە فێڵ خواردت .

ڕێوی – نەخێر داووڵ شتی وا نەبووە .
داووڵ – بەڵام ناتوانی من بخۆیت مام ڕێوی .
ڕێوی – بەدەنگی بەرز – ئای کە داووڵێکی ناشیرینی !
داووڵ – لەوسە لەوس ! . . من کوڕێکی زۆر شۆخم .
ڕێوی – کێ وا ئەڵێت ؟ .
داووڵ – مامڕەشی وا ئەڵێت . وا خەریکە ژنم بۆ بێنێت .

ڕێوی – تۆ ؟ ! . . تۆ دەعبایەکی زۆر ناشیرینیت ! . . ژنی چی ؟ ! .
داووڵ – هەر وا بڵێ . دابەستەکەی ماڵی خۆشیانم بۆ دەکات بە شایی .
ڕێوی – شایی‌و مایی چی ؟ ! تۆ زۆر ڕەزا قورس‌و ناشیرینی !
داووڵ – تۆ فێڵبازیت درۆ ئەکەیت .
ڕێوی – دە ئەگەر باوەڕ ناکەیت فەرمو ئەوە ئاوێنە سەیری

خۆت بکە .

«ڕێوی بەدەم مۆسیقایەکەوە دەچێتە بەردەمی داوولکەو . ئاوێنەکەی بۆ ڕادەگرێت . .

داوولّ کەمێك سەر دێنێتە پێشەوە بۆ لای ئاوێنەکەو سەیری خۆی دەکات . . . .»

داوولّ / بەدەنگێکی ناسازەوە هاوار دەکات — . . ئای ! . . ئای . . ! ئای . . !

ڕێوی — دەخۆ ئێستا باوەڕت کرد کە چەندە ناشیرینی .

«داوولّەکە بەرەو پێشەوە بەدەم ئای ئایەکەوە دەکەوێت بە زەویدا .

ڕێوییەکە ڕادەکات .

مۆسیقا بەردەوامە . . .

دووای کەمێك کەروێشکەکە کە خۆی ڕاگرتبوو دێت ، پەلاماری توێکلە شووتی دەداتو دەیباتو ڕادەکاتەوە بۆ ناو باخی بستەکە .

دەنگی گۆرانی وتن . . . .

دووای کەمێك دوو پیاو لەگەلّ ژنێك دێن

پیاوێکیان گۆرانی دەلّێت .

ژنەکەو پیاوێکیان ، یەکی سەبەتە ، یان بەرچنەیەکیان پێیە ، وەك کەلوپەلی ناوشاری تێدابێت ، وایە .

بەلاّم زۆریان تێدا نیە .

پیاوەکەی تریش بنە گونی یەك شتی پێیە ، ئەمانە لادێ ینو لەشار گەڕاونەتەوە .

دێنو کە بەلای بێستانەکەدا دەڕۆن ، پێش ئەوەی تێپەڕن ، ژنەکە ڕادەوەستیّو دەلّێت)

ژن — ئەری نەختێك لێرە دانەنیشین ماندووومان بحەسێتەوە .

«هەردوو پیاوەکەش ڕادەوەستن . .

پیاوی یەکەم گۆرانیەکە دەبڕێت»

پیاوی ١ — باشە باکەمێك دانیشین .

«لەقەراغ بێستانەکە دادەنیشن . لەکاتی قسەکردندا ژنەکە سەرەنجی ناو بێستانەکە دەدات .»

پیاوی ٢— باش بوو ئەمڕۆ لەشار زوو هێلکەکانمان فرۆشت .

پیاوی ١ — ئەمڕۆ بەسەر یەکەوە فرۆشران بۆیە وابوو .

پیاوی ٢— ئەی ئێوە نرخی پەنیرەکەتان لەگەلّ کابرا بڕانەوە ؟

پیاوی ١— بەلّێ بڕیمانەوە . لەشار زوو ئەفرۆشرێت . سبەینێ کە چووینەوە بۆ شار لەگەلّ خۆما بۆی دەهێنم . . . .

ژن/ قسەکەیان پێ دەبڕێت — ئەریّ من قسەیەك ئەکەم .

پیاوی ١ — ئادەی .

ژن — ئەم بێستانە وەك خاوەنەکەی بەرەلاّی کردبیّ ، وایە .

پیاوی ٢ — بەچیدا ئەزانیت ؟

ژن — بەوەدا ئەزانم کە پاسەوانی نیە .

پیاوی ١ — . . خۆ ڕاستیش ئەکەیت ، پاسەوانی نیە .

ژن — کەوابوو با هێندێك کالّەكو شووتی لیّ بکەینەوە .

پیاوی ٢ — مادام بەرەلاّیە لێی دەکەینەوە .

«بەدەم مۆسیقاوە دەکەونە ناو بێستانەکەوە . لەکاتی گەڕانو ، کالّەكو شووتی لیّکردنەوەدا ، زۆر جار بە بنجەکەوە هەلّی دەکەنن ، تا بێستانەکە وێران دەبێت . . . ئەنجا دووای ئەوەی کە هەریەکە سیّوچوار کالّەكو شووتی دەخاتە سەبەتە ، یان گونیەکەوە ، بێستانەکە هیچی پێوە نامێنێت»

پیاو ١ — ئیتر نە شووتی پێوەما نە کالّەك .

پیاوی ٢ — نەوەلاّ ، بۆ دەرمان پێویست بێت ، پێوەی نەما

ژن — دەکەوابوو ئیتر بڕۆین

پیاوی ٢ – فەرموون .
«بەدەم خۆکۆکردنەوەوە ، پیاوی یەکەم دەست دەکاتەوە بەگۆرانیەکەی .

هەموو بە شتەکانیانەوە دەڕۆن .
بەرەبەرە دەنگی گۆرانیەکە نزم دەبێتەوە .
هەتا نامێنێت .»
تاریکی

-٢-

«هەر بێستانەکەی .
کات : بەیانییە .
مامرەشی بەگالیسکە خاڵیەکەوە دێت لەلایەکەوە رای‌دەگرێت .

سەیر دەکات بێستانەکە وەك خۆی نەماوە . سەرەنج دەدات دەبینیٚ وێران بووە . . . تووڕە دەبێت ، هەر وەك شێتی لیٚ‌دیٚ ، ڕادەکاتە ناو بێستانەکەوە بنجە هەڵکەندراوەکان هەڵدەگرێتەوەو بەداخەوە سەیریان دەکات‌و فڕێیان دەداتەوە . . . ڕادەکاتەوە لای داووڵەکەوەو بەرقەوە سەیرێکی دەکات‌و بە هەموو هێزی خۆیەوە چەند لەقەیەکی پیادەکێشێت‌و دەڵێت :»

هەی بیٚ‌فەڕ ! هەی بیٚ‌فەڕ ! بێستانەکەت کاول کردم !
دەنگی کۆرس – ئایا ئەمەیە پاداشی پاسەوانی دڵسۆز ! !
«ئەنجا مامرەشی لە جێگەی خۆیەوە ئاورێك لە کەپرەکە دەداتەوە ، شێتانە بۆی دەچێت‌و دارو گەڵاکیٚ دەدات بەسەر یەکداو دەی‌ڕوخێنێت .

ئەنجا هەر لەوێوە ئاورێك لە داووڵەکە دەداتەوەو ، شێتانە بۆی دەچێتەوەو هەڵیدەگرێتەوەو زۆر بە ڕەقەوە تفێکی لیٚ‌دەکات .»

مامرەش – تف لەچارەت . . !
دەنگی کۆرس – ئایا ئەمەیە پاداشی پاسەوانی دڵسۆز !
«مامرەشی هەر لەجێگەی خۆیەوە بەهەموو هێزێکیەوە داووڵەکە فڕی ئەداتە ناو کەپرە رووخاوەکەوە بەهەڵمەتێك لێی دەچێتە پێشەوەو شقارتەیەك لە گیرفانی دەردێنیٚ‌و دەنکێك دادەگیرسێنێت دەیەوێت کەپرو داووڵ بەیەکەوە بسووتێنێت . . .»

دەنگی کۆرس – ئایا ئەمەیە پاداشی پاسەوانی دڵسۆز !
«مامرەشی بەچیچکانەوە بە دەنکە شقارتەی داگیرساوەوە دەیەوێت کەپرەکە بسووتێنێت .»
دەنگی کۆرس – ئایا ئەمەیە پاداشی پاسەوانی دڵسۆز !

کۆتایی

تێبینی –

• ئەم شانۆییەم لە چیرۆکەکەی (ئەنجیل کرالی جیف)وە ئامادەکردووە ، کە مامۆستا شوکور مستەفا کردوویە بەکوردی .
• لە ١٩٧٦/١٢/٢٠دا لە میهرەجانی ساڵانەی قوتابخانەکانی سلێمانیدا بە هاوبەشی قوتابخانەی مەولەوی کوڕان‌و ڕاستی کچان ، پێشکەش‌کرا .
• لە مانگی ئەیلولی (١٩٧٥)دا بۆ ئێستگەی کوردی لە بەغداد ، تۆمارم کرد .